## بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر

# بە ترایلەرێک سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە نمایش دەکات

**لە دوای هێرشی نارەوای تیرۆریستان بۆ سەر خاکی کوردستان هەموو چین و توێژەکان لە یەك بەرەدا و دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیا بە یەك دەنگ پاڵپشتیی پێشمەرگەیان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاریکپەرستانی داعش و کورد و پێشمەرگە بە تەنیا سەنگەریان لە دژی تیرۆریستان گرت و لە جیاتی هەموو جیهان شەڕی تاریکپەرستان دەکەن، دوای بەرگرییەکی قارەمانانە رۆژ بە رۆژ سەرکەوتن تۆمار دەکەن و خاکی داگیرکراوی کوردستان لە دەست تیرۆریستان رزگار دەکەن، هونەرمەندانیش وەك چینێکی کاریگەر و هەستیاری نێو کۆمەڵگە هەر لە سەرەتادا هەستیان بە بەرپرسیارێتیی خۆیان کرد و هەر یەکێك لە شوێنی خۆی پاڵپشتی و پشتیوانیی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگە دەربڕی جا بە گۆرانی یان سروود یان شانۆگەری و کورتە فیلم بوو بێت، بەڕێوەبەرایەتیی هونەری سینەمای هەولێر، خەریکی ئامادە کردنی ترایلەرێکە لە شێوەی کورتە فیلم، بیرۆکەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە گەڵاڵە کراوە و لە سیناریۆی هونەرمەند «حەسەن عەلی»یە و، لە هەمان کات کاری دەرهێنانی بۆ ئەو بەرهەمەش کردووە.**

### بە هونەر شان بەشانی برا پێشمەرگەکان خەبات دەکەین

«شاخەوان مستەفا» بەڕێوەبەری هونەریی سینەمای هەولێر دەربارەی ئەم کارە نوێیە کە خۆیشی وەك ئەکتەر تێیدا بەشدارە دەڵێت: لەو بارودۆخەی ئێستای کوردستاندا، کە تووشی شەڕێکی نەگریسی تاریکپەرستان هاتووە و ئێمەیش وەك توێژێکی باڵای کۆمەڵگە، دیارە چەکی دەستمان تەنیا بەرهەمهێنانی پڕۆژە هونەرییەکانە و بە ئەرکی سەرشانی خۆمانمان زانیوە بۆ داکۆکیکردن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەربڕینی هاوسۆزی و پشتیوانیمان، لەم روانگەوە بە باشمانزانی شانبەشانی براکانمان لە بەرەکانی جەنگدا بین و، ئەرکە پیرۆزەکەی خۆمان لە خزمەتی پێشمەرگە بەجێ بهێنین.

### نابێ لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا سینەماکاران بێدەنگ بن

«حەسەن عەلی»ی دەرهێنەر کە بە چەندین فیلمی بەرز خاوەن ژمارەیەك خەڵاتی نێوخۆیی و جیهانییە و ئەرکی دەرهێنانی ئەم کورتە فیلمەی لە ئەستۆ گرتووە، دەڵێت: ئێمەی





هونەرمەندان چینێکی کارا و بەرچاوی نێو کۆمەڵگەین و لە کەسانی دیکە زیاتر هەســت بە ناسکی و هەســتیاریی ئەم بارودۆخە دەکەین، بۆیە ناکرێت لە بارودۆخێکی لەمشــێوەیەدا بێدەنــگ بین بەرامبەر بەو خۆڕاگرییەی پێشــمەرگە و، ئەو ســەرکەوتنە مێژووییانەی کە هەریەکێکیان داستانێکی نوێیە لە مێژووی قوربانیدانی گەلەکەماندا، من و هاوکارانم لە وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر، پڕۆژەیەکی خۆبەخشــی تایبەتمان گەڵاڵــە کرد، تا بتوانین گوزارشــت لە خاکی بوونی ئەو هێزە قارەمانە بکەین، کە جارێکی تر ناوی گەلی کوردی خستەوە بەرگوێی جیهان، لە فیلمەکەیشدا هەوڵم داوە کۆکراوەی تەواوی بەرخۆدانی پێشمەرگە بخەمەڕوو.

**قەرزاری بەیان عوسمانین**

«بەیان عوســمان» کە بە ( وەنەوشە ) ناسراوە ئەمە کاری یەکەمی نییە لەگەڵ حەســەن عەلی، چونکە پێشتر لە فیلمی (شیرین) رۆڵی پاڵەوانی بینیوە، ئەو خانمە هونەرمەندە هاوشــانی هاوکارانی دیکەی لــە بەڕێوەبەری هونەریی ســینەمای هەولێر، بــۆ یەکەمجار رۆڵی مامۆستا و خێزانی پێشــمەرگەیەك بەرجەستە دەکات و لە یەکێك لە دیمەنەکانیشدا بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە خوداحافیزی لە هاوسەرە پێشــمەرگەکەی دەکات، کە بەرەو جەنــگ بەڕێ دەکەوێت و منداڵە بێنازەکەی بــێ خەبەر بەجێ دێڵێت، وەك بەڕێوەبەری ســینەمایش، ئامــاژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ئێمە قەرزاری «بەیان عوســمان»ین بــەوەی، کە پێمــان گوت، ئێمە پڕۆژەیەکی وامــان لا گەڵاڵە بووە، کــە بچووکتریــن خزمەت بە خەباتی پێشــمەرگە دەکەیــن، ئەو بە خۆشــحاڵییەکی زۆرەوە ئامادەیی خۆی نیشــان دا و، لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر کەوتەڕێ و بەشــدار بوو لەگەڵمان و، لە ترایلەرەکەیشدا رۆڵی مامۆســتایەکی خاکپەرست دەبینێت و لەگەڵ قوتابییە چاو پڕ لە فرمێسکەکانی هاوسەرە پێشمەرگەکەی بەڕێدەکات و، نزای بە بۆ دەکات بە سەلامەتی و بێ وەی بگەڕێتەوە.

**گێڕانەوەی داستانەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا**

رەنگە سەیربێت، کاتێك دەڵێین، ئەو هەموو قوربانیدانە و گێڕانەوەی ئەو خەباتە خوێناوییەی گەلی کورد لە کەمتر لە دوو خوولەکەدا شوێن بکرێتەوە، بەڵام دیارە دەرهێنەری فیلمەکە دەیەوێ ئەزموونی خۆی لە بواری سینەمادا، تەنیا لەو ماوە کورتەدا تاقی بکاتەوە، کە توانیویەتی تەواوی قۆناغەکان بە کەمترین ماوە نیشانی بینەر بدات.

**کارێکی نوێ و جیاواز**

وەك ئەوەی هەموو لایەك دەیبینین بەرپرســانی وڵات لەســەروی هەمووشیانەوە ســەرۆك بارزانی لە پێشەوەی بەرەکانی جەنگدان و لە دژی شەمشــەمەکوێرەکانی داعشدا دەجەنگن، «شاخەوان مستەفا» بەڕێوەبــەری هونەریی ســینەمای هەولێریش لــەو ئەرکەدا وەك پێشــمەرگەیەك خۆی دەنوێنێ و، لە دوو قۆناغی جیاوازدا دوو رۆڵ دەنوێنێ، کە ئەو قۆناغانەیش سەردەمانی شەڕبوون لە دژی سیاســەتەکانی رژێمی پێشوو و ئێســتا کە تیرۆرستان زۆر دڵڕەقانە بەربوونەتە گیانی پەپوولە ئاســاکانی شەنگال و کۆبانێ، لە پاڵ ئەویشــدا «بەهمەن حاجی» و «بەیان عوســمان» دەبینرێن، کە بوونەتە سێ پاڵەوانی سەرەکی لە فیلمەدا.

**فیلمەکە بۆ هەموو کەناڵەکانە**

ئــەم کارە نوێیــە لەبەرئەوەی لە ســۆنگەی هەســت کــردن بە بەرپرسیاریەتییەکی نەتەوەییە و بۆ تەواوی گەلی کورد دەبێتە موڵکی تــەواوی کەناڵەکانــی راگەیاندن، «جەمال جەبــاری» بەڕێوەبەری بەرهەمەکــە گوتی: پڕۆژە هونەرییەکەی ئێمــە، ئەمجارەیان جیاواز دەبێت و، سینەما جێدێڵێت و لە کەناڵەکانی راگەیاندن نیشان دەدرێت، بەو پێیەی کارێکی خۆبەخشــانەی وەزارەتی رۆشــنبیری و لاوانی حکوومەتــی هەرێمــە، دەبێتە کورتە فیلمێك لە شــێوەی رێکلام بۆ گێڕانەوەی خەبات و تێکۆشــانی گەلی کورد، بۆیە بڕیارمان داوە لە تەواوی کەناڵە ئاســمانی و نێوخۆییەکاندا نمایش بکرێت، رۆژانەیش چەند جارێك لە کەناڵەکاندا دووبارە بکرێتەوە، کە ئەمەیش گڕوتینێکی دیکە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبەخشێت، هاوکات هەستێکی نەتەوەیی لای بینەر و خەڵکی کوردستاندا دروست دەکات، کە هەمیشە چاوەڕوانــی موژدەی ســەرکەوتن لەو هێزە دەکــەن، رووپەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە بە پێشمەرگە و لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی براکانیانن کە ئێستا لە سەنگەردان لە دژی دوژمنانی ئەو گەلەدا.

**وێنەکان لە دەربەندی گۆمەسپان گیراون**

چەنــد هونەرمەندێکــی بــە توانا و خــاوەن ئەزمــوون جگە لە ئەکتەرەکانی، لەم کارە نوێیەدا بەشداری دەکەن و هەر هەموویان بەبێ هیچ بەرامبەرێك لە کارکردن بۆ بەرهەم هێنانی ئەم فیلمە بەشداربوون، کە بریتی بوون لــە «هاوکار فەرهاد» وێنەگر، «ســیروان گلی» شاریۆ، «سەردار فکری» دەنگ هەڵگر.



## مەریەم دۆستی:

# سینەمای کوردی دەتوانێ بەهێزتر بێت

مەریەم دۆستی دانیشتووی شاری تارانە و ماوەی ٢٠ ساڵە لە بواری لە سینەمادا وەك دەرهێنەر و سیناریست کار دەکات، لە هەمان کاتدا شاعیر و نووسەریشە، وەك خۆی دەڵێت تەنیا لە ڕێگای چەند سینەماکارێکی کوردی کوردستانی ئێرانەوە وەك بەهمەنی قوبادی دەربارەی کورد و سینەمای کوردی هەیە، بەڵام ئاشنایە بەوەی کە دەرهێنەرە کوردەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا خەڵاتی بەرزیان بەدەستهێناوە.



مەریەم دۆستی پێی وایە سینەمای کوردی تا رادەیەك نوێیە بۆیە پێویستی بە کۆنتاکتی بەردەوام هەیە لەگەڵ سینەمای وڵاتانی دیکە و زیاتر دەڵێت: من هەندێك فیلمی کوردیم بینیوە کە لە ئاستێکی بەرزدا بوون و چاوەڕێی دوارۆژێکی پرشنگداری لێدەکرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانن کە هیچ سینەمایەك سەرەتا لە خۆیەوە دروست نەبووە بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموونی سینەمای دیکە وەربگرن بەتایبەتی ئەوانەی کە هەست دەکەن لە زۆر رووەوە لە یەکتر نزیکن، بۆ نموونە رەنگە زۆر خاڵی هاوبەش یان نزیك بە یەکتر لە نێوان نەتەوەی کورد و ئێرانی هەبێت لەرووی کۆمەڵایەتی و جوگرافی، بێگومان ئەمە لە سینەمای هەردوو نەتەوەکەشدا رەنگ دەداتەوە بە سوود وەرگرتن لەم ئەزموونە دەتوانن ببن بە خاوەنی سینەمایەکی زۆر باش، چونکە من پێموایە سینەمای کوردی هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتایە و دەتوانرێ زۆر بەهێز بێت.

ئەم ئەکتەر و نووسەرە ئێرانییە پێیوایە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سینەمای نەتەوەیەك ناکرێ ببێتە هۆی ئەوەی بە تەواوی خۆت بەو نەتەوە گرێ بدەیت، چونکە سینەما کارێکی کۆبەندییە و پێویستی بە هەماهەنگی هەیە، هەروەها پێویستە بە دیدێکی جیهانی نەك ناوچەیی دیاریکراو سەیری سینەما کوردی بکەین، هیچ جیاوازی نییە لەوەی تۆ سوود لە سینەمای ئەوروپی یان ئاسیایی و یان ئەفریقایی و ئەمریکاش وەربگری و دەکرێ لە هەر یەکێك لەم سینەمایانە سوود لە بەشێك وەربگری و هەموویان کۆبکەیتەوە و لە هەموو لایەکەوە سەیریان بکەی و ئەوەی پێویستت پێیەتی لە سینەمای کوردیدا بەکاری بهێنی بۆ ئەوەی بەهێز بێت.

بە حوکمی ئەو ناوبانگەی هەیانە و ئەو زانیاریانەی دەربارەی سینەماکارانی کورد هەیەتی و بیستوویەتی مەریەم پێیوایە سینەماکارانی کورد لە ئاستێکی بەرزدان و لەم بارەیەوە دەڵێ:

کە سینەمای کوردی سینەمایەکی نوێیە سینەماکارانی کورد دەتوانن زیاتر سوود لە ئەزموونی دیکە وەربگرن، چونکە سینەماکارانی کورد کە کەسانی بە توانا و لێهاتوون لە دەرەوە زیاتر بخوێنن دەربارەی زانستی سینەما و زانیاری و شارەزایی زیاتر وەربگرن و ئەوەی لە دەرەوە فێر دەبن و وەری دەگرن بێن لە کوردستان پیادەی بکەن، بە هەمان شێوە پێویستە دەرفەتێکی وا بڕەخسێت سینەماکارانی دەرەوە سەردانی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە ئاشنای بارودۆخەکە بن، بۆ نموونە من خۆم بەر لەوەی ئەم جارە بێم دیدێکی دیکەم سەبارەت بە کوردستان هەبوو، وام هەست دەکرد کە کوردستان لەرووی ئەمن و ئاسایشەوە سەقامگیر نییە بگرە چەندین جار بە رەسمی داوەت کراوم نەمتوانیوە بێم، بەڵام ئەم جارە کە هاتم وێنەی راستەقینەی هەولێرم بینی کە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بۆیان باس کردبووم، وڵاتێکی ئاوەدانە و ئاسایش سەقامگیرە، پێویستە سەقامگیری و ئاسایش بقۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لەرووی فەرهەنگییەوە ئاڵوگۆڕی زیاتر هەبێت لەنێوان کورد و هەموو گەل و نەتەوەکانی دیکە لەم نێوەندەدا سینەماش پشکی ئەم ئاڵوگۆڕەی بەر دەکەوێت بە حوکمی ئەوەی کە پەیوەست نییە بە گەل و نەتەوەیەك بەڵکو ئاراستەی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکرێت و هەوادار و عاشقی خۆیشی هەیە لە هەموو شوێنێك بە کوردستانیشەوە.

مەریەم دۆستی هەروەها دەڵێت: بوونی فیلم و سینەماکارانی کورد لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان و پەروەردە کردنی سینەمایی و نیشاندانی ئەو هەموو خاڵە بەهێزانەی کە هەیە لە سینەمای کوردیدا بە دەرەوە، ئەمانە هۆکاری سەرەکی و گرنگین بۆ بەجیهانی کردنی و بە بازرگانی کردنی سینەمای کوردی، هەروەها پێویستە دەست لەسەر گرنگترین خاڵەکانی سینەما دابنرێت، بۆ نموونە سیناریۆ کە زۆر گرنگە و پێویستە ئەمە چارەسەر بکرێت.

